دونیا زیندانی ئیمانداره، وبەهەشتی کافرە

لە ئەبی هوڕەیڕەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «دونیا زیندانی ئیمانداره، وبەهەشتی کافرە».

[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێمان ڕادەگەیەنێت کە دونیا بۆ ئیماندار وەکو زیندان وایە چونکە پابەندی ئەرکە شەرعیەکانە بە ئەنجامدانی فەرمانپێکراوەکان ودووركەوتنەوە لە نەهی لێکراوەکان، ئەگەر بمرێت لە ئەم ئەرکانە دەحەوێتەوە ودەڕوات بۆ ئەوەی الله -سبحانه وتعالى- بۆی ئامادە کردووە لە نیعمەتی بەردەوام ونەبڕاوە، وئەم دونیایە بۆ کافر وەکو بەهەشت وایە؛ چونکە هەرچیەك نەفسی ئارەزووی بکات وفەرمانی پێبکات، ئەوە جێبەجێی دەکات، بۆیە کاتێك دەمرێت دەچێت بەرەو ئەوەی الله -سبحانه وتعالى- ئامادەی کردووە بۆی لە سزای بەردەوام وهەتاهەتایی.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3584